# بەراوردێک لەنێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی تا سەرەتاکانی سەرهەڵدانیی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لەگەڵ ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا

**محەمەد دلێر ئەمین محەمەد [1]، سەروەت نیعمەتوڵلا صاڵح [2]**

[1] بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: hamadler-muhammed@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، هەڵسەنگاندن و پێناسە و شیکاری ئەدەبی سیاسییە (شیعر و پەخشان) لەڕووی مێژووییەوە، بە نموونەوە، دەرکەوتن و سەرهەڵدانی لای میللەتانی خاوەن دەوڵەت و سەردەمی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی؛ هەروەها مێژووی دەرکەوتنی وەک ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ لای کورد و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی لە ناو بەرهەمی شاعیر و نووسەراندا، بەتایبەت لەناو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا. دەستنیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی، کە بوونەتە هۆی ئەوەی کورد، نەیتوانیوە پەیامی سیاسیی خۆی بگەیەنێتە دەرەوەی سنووری کوردستان، زیاتر ئەم بەرهەمانە لەناو کۆمەڵگاکانی کوردیدا ماوەتەوە و بوەتە هۆی هاندان و گەشەی هەست و سۆزی نەتەوەیی. دیارە دەمارگیریی و خۆپەرستی نەتەوە داگیرکەرەکان و جیاوازیی مەزهەبی و ئاینی، هۆکاری زاڵبوونی ئەدەبی سیاسیی داگیرکەران بووە، لەم توێژینەوەیەدا، ئەو فاکتەرانە بە نموونەوە، باسکراون.

**کلیلە وشە:** (ئەدەبی سیاسیی، بەراورد، شانازیکردن، دەمارگیریی، ئەدەبی دەربار)

## الملخص

هذا البحث هو تقييم وتعريف وتحليل للأدب السياسي (الشعر والنثر) من حيث التاريخ مع إعطاء أمثلة. يتطرق البحث إلى ظهور هذا الأدب لدى الدول ونضال التحرر الوطني وكذلك تاريخ ظهوره كنوع أدبي مستقل لدى الكورد وكيفية إنتشاره في أعمال الشعراء والكتاب بالأخص في صفحات الصحف والمجلات وتحديد العوامل التي منعت الكورد من نقل رسائلهم السياسية خارج كوردستان. بقيت معظم هذه الأعمال في المجتمعات الكوردية وشجعت المشاعر القومية ونمتها. من الواضح أن عصبية وأنانية الشعوب المحتلة والإختلافات الدينية أدت إلى هيمنة الأدب السياسي للمحتلين. في هذه الدراسة ، تم التطرق لهذه العوامل مع تقديم أمثلة.

**مفتاح الكلمة:** (الأدب السياسي، المقارنة، افتخار، تعصب، أدب السلاطين)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | hamadler-muhammed@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ د. محمد دلیر امین محمد، سەروەت نیعمەتوڵلا صاڵح، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

This research is an evaluation, definition and analysis of political literature (poetry and prose) in terms of history with examples. The emergence of this literature in the countries and the national liberation struggle, as well as the history of its emergence as an independent literary genre among the Kurds and how it spread in the works of poets and writers, especially in the pages of newspapers and magazines, and determining the factors that prevented the Kurds from transmitting their political messages outside Kurdistan. Most of these works have remained in Kurdish societies and have encouraged and developed national feelings. It is clear that the nervousness and selfishness of the occupied peoples and the religious differences led to the dominance of the political literature of the occupiers. In this study, these factors are addressed with examples.


**Key word:** (Political literature, Comparative, pride, Fanaticism, The Royal bard)

## پێشەکی:

### ١/. ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، بە ناونیشانی "بەراوردێک لە نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا"یە. دیارە ئەدەبی سیاسیی، ئەو تێکستە شیعری و ژانرە ئەدەبییانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی هونەری، برگە و ماوەیەکی دیاریکراوی ژیانی سیاسیی گەلێک، یان نەتەوەیەکی تێدا تۆمارکراوە. کە بەر لە دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەتیش، دەشێت ئەو تێکستانەی کە بۆ پیرۆزی، نەمری، ئازایەتی، بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خێڵ نوسرابن، لەم خانەیەدا ئەژمار بکرێن. واتە ئەدەبی سیاسیی، ئەدەبێکی کۆنە و ڕیشەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە. ئەم توێژینەوەیە، خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو ئەدەبە سیاسیانە، دەستنیشاندەکات، بەو مەبەستەی ئەدەبی سیاسیی کوردیی هاوشانی ئەو ئەدەبانە بکرێت و ئەو ڕووە جوانانە دەستنیشانبکرێت، کە ئەدەبی سیاسیی کوردی خاوەنداریی لێدەکات و لە ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا بوونیان نییە.

### ٢/. ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

ئامانج لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە لە ئەنجامی خستنەڕووی زانیارییەکان، بەراوردی نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و نەتەوەکانی دراوسێی کورد، بەخاڵی هاوبەش و جیاوازییەوە بخرێتەڕوو. گرنگیی توێژینەوەکەش لەوەدایە، کە هەوڵدەدرێت مژاری ئەدەبی سیاسیی و بەدیاریکراوییش ئەدەبی سیاسیی کورد و نەتەوەکانی دراوسێ، کاریگەریی، بەراورد، خاڵی هاوبەش و جیاوازییان بخرێتەڕوو، هەروەها ڕاستکردنەوەی هەندێک تێگەیشتن و ئەنجام و بڕیاری توێژەران لە بوارەکەدا.

### ٣/٠ میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، بە میتۆدی پەسنی شیکاریی- بەراوردکاریی، کاردەکات، کە پشت بە قوتابخانەی بەراوردکاریی فەڕەنسیی دەبەستێت لە بەراوردکردنەکەدا و بە پێی ئەو قوتابخانەیەش، دەبێت زمانی بەرهەمە ئەدەبییەکان جیاوازبێت و کاریگەریی و کارتێکەرییش بوونی هەبێت، کە بێگومان شاعیران و نووسەرانی کورد، بەهۆی کاریگەربوونیان بە ڕۆشنبیریی و شارستانییەتی نەتەوە باڵادەستەکانی دراوسێ، هەندێک خاڵی لێکچوون وکەوتنە ژێر کاریگەریی دەدۆزینەوە کە لە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کورد دا ڕەنگیداوەتەوە، ئەم توێژینەوەیەش دەیەوێت جگە لە پێناسەی ئەدەبی سیاسیی و خستنەڕووی پوختەی ئەدەبی سیاسیی کوردیی، تیشکبخاتەسەر گرنگترین خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی نێوان ئەو ئەدەبە سیاسییانە.

## ٤/٠ بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بە گشتی بۆ چوار پار، دابەشکراوە، کە لە پاری یەکەمدا هەوڵدراوە پێناسەی ئەدەبی سیاسیی بکرێت، هەروەها لە پاری دووەمدا بە کورتی و پوختی، باسی مێژووی ئەدەبی سیاسیی کوردیی کراوە، هاوکات لە پاری سێیەمدا باسی خاڵی لێکچوونی نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ کراوە، هەروەها لە پاری چوارەمدا باسی ئەو جیاوازییانە کراوە، کە لە نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا بوونیان هەیە.

## ١/١) پێناسەی ئەدەبی سیاسیی:

ئەدەبی سیاسی، سەرنجدان و قسەکردنە لەبارەی پرسێکی سیاسی، نەتەوەیی، نیشتیمانی، یان دەکرێ جیهانی بێت؛ بەوجۆرەی سیاسەت لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکاندا هەمیشە بایەخی خۆی هەبووە، بۆیە ئاساییە ئەم گرنگییە بپەڕێتەوە بۆ ناو تێکست و دەقە ئەدەبییەکانی شاعیر و چیرۆکنووس و رۆماننووسەکانیش. ئەوەش بابەتێک نییە تایبەت بێت بە ئێمە وەک کورد، بەڵکو لای کۆی گەلانی دونیا بوونی هەیە.

ئەدەبی سیاسی، ئەو بابەت و کەرەستە شیعری و پەخشانییانەیە، کە بە دەسەڵاتێکەوە پەیوەست دەبن و پەیوەستن بە بارودۆخێکی سیاسییەوە، ئەدیبان لەڕێی هۆنراوە یان پەخشانی سیاسییەوە، بەو دەسەڵاتەدا هەڵدەدەن یان لە دژی ئەوەستنەوە. واتە ئەو ئەدەبەیە، کە بۆ دەربار و پاشاکان ئەنووسرێت، یان بە پێچەوانەوە دژ بە دەسەڵاتی سیاسی و دژ بە پاشاکان و ڕەخنەگرتن لە ئەدای سیاسییان و داشۆرینیان ئەنووسرێت.

نووسەرێک پێی وایە "ئەدەبی سیاسی مێژووی ڕاستەقینەی گەلانە، بابەتەکانی لە ئەزموونەکانی ژیانەوە وەرگیراوە و دێڕەکانی لە ئازاری ئەو هاونیشتمانیانەوە وەرگیراوە، کە بە قەڵەمەکانیان هەمیشە لە هەڵوێستدا بوون دژ بە ستەمکاری" (المؤمني، ٢٠١٩: ٣٦٩). بە وردبوونەوە لەم پێناسەیە، مەرج نییە هەمیشە ئەدەبی سیاسی، مێژووی ڕاستەقینەی گەلان بێت، دەکرێت هەندێکجار ئەدیب بە گیانێکی لایەندارانەوە بنووسێت و بەڵگە و ڕاستییەکان لە پێشچاوی خەڵک بشێوێنێت و لە بری ئامرازی هۆشیاری ئەدەبەکە، ببێتە ئامرازی چەواشەکاریی و دژە واقیع. واتە ئەدەب ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە گوزارشت لە هیوا و خەون و ئازار و ڕۆحی گەل دەکات، لەڕێی هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و ڕێنوێنیکردنیان بۆ دەربازبوون لە هەر دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەخوازراو کە تێیکەوتوون و کۆششکردن بەرەو ژیانێکی باشتر وگەشتن بە کەناری ئارامی و داهاتوویەکی مسۆگەرتر و سبەینێیەکی جوانتر.

نووسەرێکی تر بەو جۆرە پێناسەی ئەدەبی سیاسی دەکات، "جۆرێکە لە هونەری هۆنینەوەی وشە و ڕستەکان کە پەیوەستن بە دەسەڵاتێکی دیاریکراوەوە لە ناوخۆدا و دەرخستنی گرنگی و پێگەی ئەو دەسەڵاتەیە لە نێوان دەوڵەتانی چواردەوریدا" (الحلي، ٢٠١٤: ٤٢٥). ئەمەش زیاتر پێناسەیە بۆ ئەو ئەدیبانەی، کە خۆیان لایەندارێی لەو دەوڵەتە دەکەن. هەندێکجاریش بێلایەنداریکردن، ئەو ئەدیبانە پێگەی دەوڵەتی خۆیان لای نەتەوەکانی دەوروبەر دەردەخەن، وەک هەست و سۆزێکی نەتەوەیی و بەبێ هیچ دەستکەوتێکی ماددی و سود و قازانجی خودی. زۆرجار شاعیر و نووسەران وەک پێشەنگ و ڕێنوێن خۆیان دەناسێنن و دەبنە مامۆستا و پێشڕەوی گەلانی خۆیان و ڕابەرایەتییان ئەکەن تا دەربازبن لەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی تێیکەوتوون، بۆیە "شیعری سیاسی و نەتەوەیی، ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەشۆڕشە جەماوەری و بزووتنەوە نەتەوەییەکان و سەربەخۆیی وڵاتانی جیهان بەگشتی، بۆ نموونە "فیختە" لە وتارە ناسیۆنالیستییەکانیدا بۆ گەلی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە بانگەشەی یەکگرتنی ئەڵمانیا ناوبانگی دەرکرد و توانی ڕۆحی یەکگرتنیان تێدا ببوژێنێتەوە و ڕێنوێنییان بکات بۆ بەدەستهێنانی یەکڕیزیی لەوکاتەدا" (الحمدانی، ٢٠١٢: ١٣١). نووسەرێکی تر پێی وایە "شیعری سیاسی، شانبەشانی دیاردە و هەڵوێستە سیاسییە فرت و فێڵاوییەکانی ڕۆژگار هەنگاو ئەنێ و بە پێی بەرژەوەندی ناڕەوای خۆیان لە گەرداوی هەڵخەڵەتاندن و تەفرەدان، دوور یان نزیکیان دەخەنەوە، ئێستا جۆری ئەو دیاردە نامۆیە و هەڵوێستە ناڕەوایە لە ململانێی نێوان نەتەوە چەوساوەکان و زوڵم و ستەمی دەوڵەتە

زۆردار و داگیرکەرەکاندا دەرئەکەوێت" (ئاگرین، ١٩٩٦: ١٥). ئەمەش لەو بۆچوونەوە نزیکە، کە سیاسییەکان بەپێی ویست و ئیرادەی خۆیان و چۆنیان بوێت، بەو شێوەیە چوارچێوەی ئەدەبی سیاسی ڕەنگرێژدەکەن و سیستمێکی ناهۆشیاریی وا پێکئەهێنن، کە هەندێکجار ئەدیب و نووسەران لە گەرداوی ململانێکانی خۆیان دەئاڵێنن و دەیانکەن بە بەشێک لەو شەڕەی کە خۆیان هەڵیانگیرساندووە. ئەم ڕایە ڕاستی تێدایە تا ئەو جێیەی کە سیستمی سیاسی، دەتوانێت وا لەو ئەدیب و نووسەرانە بکات کە لە خودی خۆیەوە نزیکن و بیانکات بە دوژمنی ئەوانی دی، بەڵام هەندێک ئەدیب و نووسەری دیکەش هەن، کە مامەڵەی هۆشیارانە و هەنگاوی بەرپرسیاریانە دەنێن و ئاگایانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا ئەکەن. هەر ئەو نووسەرە کە دێت پێناسەی شیعری سیاسی کوردیی دەکات دەڵێت "شیعری سیاسی کوردیی بریتییە لەو شیعرانەی لایەنی ڕووخساری، هونەروەری و داهێنانی شیعریان لە ئامێزگرتووە و لە واتا و ناوەڕۆکیشدا، بابەتی سیاسی و دەسەڵاتی حوکومڕانی" (١٩٩٦: ١٥). ئەم پێناسەیە بۆ ناوەڕۆک ڕاستی تێدایە و بابەت و ناوەڕۆکی هۆنراوەی سیاسی کوردیی، باسکردنە لە سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەمی دەوڵەتە زلهێزەکانی دراوسێ و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ، کە هەموو گەلی کورد لە سایەیدا بحەسێتەوە و باسکردنە لە ژیانێکی باشتر و حوکومڕانییەکی بەهێز و ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتدارێتییەکی پڕ لە کەموکورتی و کورتبین؛ بەڵام بۆ لایەنی ڕووخسار، تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانەیە، چونکە یەکێک لە کەموکورتییەکانی ئەدەبی سیاسی کوردیی و بەتایبەت هۆنراوەی سیاسی، لاوازییە لە ڕووی داهێنانی ئەدەبی.

## ٢/١) پوختەی مێژووی ئەدەبی سیاسیی کوردیی:

دەتوانین، باباتاهیری هەمەدانی، وەک سەرەتای ئەدەبی سیاسیی کوردیی دابنێین، چونکە ئەو وەک شاعیرێک، ویستویەتی لە نێوان سێ زمانی بەهێزدا "تورکی، فارسی، عەرەبی" خۆی جیابکاتەوە و هەوڵی پێناسەی تایبەتیی بدات؛ باباتاهیر، هاتووە چوارینەکانی بە کوردیی و لەسەر "شێوەزاری لوڕی"ی نووسیوەتەوە. کە ئەمەش سەرەتای جیاکردنەوەی خود و دانانی ڕێڕەوێکی تایبەتییە بۆ شیعر، کە بەرەو ڕەهەندی ئەدەبی سیاسیی بڕوات و ئەوە نەبێت کە خەڵکی دەیەوێت و بە ئاڕاستەی پێچەوانەی خەڵکەوە بێت و بەو ئاڕاستەبێت، کە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بێت.

"نمیدانم کە رازم وا کە واژم

غم سوز و گدازم وا کە واژم

چە واژم هر کە ذونە بنگره فاش

دگر راز و نیازم وا کە واژم! (همداني، ١٣٣٣: ١٧).

واتە؛ نازانم نهێنی خۆم بە کێ بڵێم "واکە واژەم- واچەم، ماچۆی ئەردەڵانی"، غەم و دەرد و ئازارم بە کێ بڵێم، هەرچی بڵێم لای هەرکەس زوو بڵاوی ئەکاتەوە، ئیدی ڕاز و نیازم بەکێ بڵێم. مەحرەمی ڕاز نییە کە قسەی دڵمی لەلا بکەم و خەمو خەفەت و ئەوەی لە ناخمدا پەنگی خواردوەتەوە بۆ کێی باسکەم؛ بۆ هەرکەسی باسبکەم خێرا دەچێت و بڵاوی دەکاتەوە و جارڕم ئەدات، نازانم ڕوو لەکوێ بکەم و کێبێت کە گوێم بۆ بگرێت. لەوکاتەدا ئاستی هۆشیاری خەڵک و کۆمەڵگە ئەوەندە نەبووە کە باسی نەتەوەیی بکەن و باسی نیشتمان بکەن، لەبەر ئەوە ئەم شاعیرە خۆی بە نامۆ و غەریب ئەزانێت و ئەڵێت هەرچی ئەکەم کەس تێمناگات بۆیە هەموو خەفەت و دەرد و داخەکەم لای خۆمە و ناتوانم هەمووشتێک بە ئاشکرا بڵێم. ئەمەش جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەی واقیع.

لە پاش باباتاهیر و بە پێی ڕیزبەندیی قۆناغەکانی ئەدەبی کوردیی، لە بازنەی ئەدەبی فۆلکلۆرییشدا، ئەدەبی سیاسیی بەدیدەکەین؛ بەوپێیەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی، "بریتییە لە ئەو گۆرانی و چیرۆک و ئەفسانە و هەڵبەست و قسانە، کە لەکاتی کۆنەوە بەسەر زاری بوێژ و پیرەکانەوەیە، هەزاران ساڵە دەماودەم باوک و باپیرانمان بۆ نەتەوەکانی خۆیان گێڕاوەتەوە و ئەوانییش لەبەریان کردووە" (وردی، ١٩٦١: ٣). گومان لەوەشدا نییە، کە ئەدەب بە ڕوونی لە دەربڕین و پاراوی لە گۆکردنیدا موڵکی هەمووگەلە و هەموو چینەکانی کۆمەڵگا ئەو ئەدەبە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پێکدەهێنن.

فۆلکلۆر، لە واقیعەوە نزیکە و کەمتر ڕەگەزی خەیاڵی تێکەڵبووە. زۆرجار سیمای بەرگری تێدایە، بۆیە ناوی کەسەکان نەنووسراوە، بۆ نموونە پەندی پێشینیان، وەک ئەدەبێکی فۆلکلۆری، کە دژی دەستەڵات نووسراوە، ڕاستە یەک کەس گوتویەتی، بەڵام ناوی خۆی نەبردووە، لەبەر سانسۆری سیاسیی و تابۆی کۆمەڵایەتی. دەبێت ئاگامان لەوەشبێت، کە فۆلکلۆر بەردەوامیی هەیە و تەنیا قۆناغێکی دیاریکراو نییە، چونکە بە دیاریکراوی تێیدا نەوتراوە (فڵان دەستەڵات وایە و وا نییە)، بەڵکو گشتگیرە و دەتواندرێت بۆ هەموو سەردەم و قۆناغێک بەکاربهێندرێت.

لەناو ئەدەبی فۆلکلۆریدا، ئەگەر باس لە داستان و ئەفسانە کوردییەکان بکەین، ئەوا تا ئەم کاتە و بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان، بەو شێوەیەی کە پێناسەی ئەدەبی سیاسی هەڵبگرێت و بچێتە ئەو قاڵبەوە، داستان وئەفسانەکان، ناتوانن بچنە ئەو قاڵبەوە، بەڵام دەکرێت وەکو ئەدەبێک کە دژی سیستەمی کۆمەڵایەتیی و دژی پابەندی ئاینیی و دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی، کە بەربەستبوون لە نێوان دوو خۆشەویستدا یان وەکو هەڵکەوتنی کۆمەڵێک قارەمان، کە دژی لەشکری بێگانە جەنگاون، وەکو "دوانزە سوارەی مەریوان"، کە دوانزە سوارچاکی کوردی تێدا هەڵکەوتووە، ئەمانە کە "پیرەمێرد"ی شاعیر، نووسیویەتی زیاتر بۆ زیندووکردنەوەی کەسایەتییەکانە، وەک شتێک کە بە تەواوی ئەدەبی سیاسیی بێت، وانییە. پاشان خۆشیان لە سەردەمەکەدا نەیان نووسیوە، بەڵکو خەڵک دوای ئەوان نووسیویانەتەوە و شتی زۆریان خراوەتە سەر، "پیرەمێرد"، لە پێشەکی کتێبی "دوانزەسوارەی مەریوان"دا ئەوە دەڵێت "زۆر ئاواتەخوازبووم، کە بۆم هەڵکەوێ ئەم دوانزە سوارە بنووسمەوە، بەڵام هیچ بەڵگە و بناغەیەکم دەستنەکەوت، منیش ڕاست، ڕەوان باوکم چۆن لە باپیرمی بیستووە و منییش چۆن لە باوکم بیستووە وا نووسیمەوە، وە ئەمەش ڕاستییەکەیەتی... ئۆف شاعیرەکانی پێشین" (پیرەمێرد، ١٩٨٣: ٢). داستانی دوانزە سوارەی مەریوان، هەم خەیاڵ و هەم واقیعیشی تێدایە. پیرەمێرد، دوانزە سوارەی لە زمانی خەڵک وەرگرتوەتەوە و دایڕشتوەتەوە، واتە فۆلکلۆرییە و باسی ئازایەتی کۆمەڵە سوارێکی کورد دەکات بەرامبەر لەشکرکێشی دەستەڵاتی "سەفەوی"یەکانی فەرمانڕەوای ئەوکاتی ئێران، بەڵام زیادەڕۆییشی تێدایەو ناکرێت بە "دوانزە" کەس، لەشکرێکی گەورە بشکێنن، ڕەنگە ئازایەتییەکی بێ وێنەیان ئەنجامدابێت، بەڵام دەکرێت لە ڕووی ژمارەوە هەر ئەوەندە نەبووبن، بەڵکو ئەو دوانزەیە سەرکردەکانیان بووبێتن، چونکە بەردەوام سەرکەوتنەکان بە ناوی سەرکردەکانەوەیە. بە خوێندنەوەی داستانەکە، هێندەی بەرزڕاگرتنی کەسایەتییەکان و پیاهەڵدانە بەواندا، کەمتر ئەدەبی سیاسیی بەدیدەکرێت. بە هەمان شێوە، داستانی "قەڵای دمدم"، کە لەشێوەی بەیتی شیعرییە و بەیتەکانییش هەردوو داستانی دڵداری و قارەمانێتی تێدایە، بەڵام بە تەواوی ئەدەبی سیاسی تێدا نییە، بەڵکو وەکو ئەدەبێک کە ڕەتکردنەوەی واقیعە، جۆرێکە لە بەرەنگاری. ئەدەبی سیاسیی ئەوەیە سەرەتا مرۆڤ پێش ئەوەی بەرەنگاری بکات، دەبێت واقیعێک ڕەتبکاتەوە و بە شتێک نامۆ بێت و دژی شتێک بێت، ئینجا هەوڵبدات چۆن ئەو واقیعە بگۆڕێت، بەڵام ئەو قۆناغەی، بەیتە کوردییەکانی تێدایە، قۆناغی گۆڕینی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی کولتوری کۆمەڵگایە، ڕاستە داستانەکە بەرەنگاری تێدایە، بەڵام ئەو بەرەنگارییە دەرئەنجامی هێرشی دوژمنە بۆ سەر قەڵاکە نەک ئەوەی بەرەنجامی ڕێکخراوێکی سیاسی و کارێکی ڕێکخراوەیی بێت. ئەگەر بمانەوێت وەک ئەدەبێکی سیاسی سەیری بکەین ئازار و کێشەکانی توێژێکی سیاسی نییە، بەڵکو بەرگری خەڵکی ناو قەڵاکەیە بەرامبەر بە داگیرکەرێک، ئەمە جیاوازە لەوەی کە ڕێکخراوێکی سیاسی هەبێت و پەیامێکی سیاسی هەبێت و خەباتی بۆ بکات، واتە ناڕەزایەتی نییە تا کۆبکرێتەوە و بکرێتە پەیامێکی بەرگری.

لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی دا و لە "پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق" دا، دەتوانین بەشێوەیەکی بەرچاو، ڕەهەندی سیاسیی بدۆزینەوە، بەو پێیەی پەندی پێشینیان، " وتارێکی کورتی، ڕێک و پێکی، جوانی، بەتامی، بەتەوژمی، کاریگەرە، کە لە دڵ و دەروونێکی، بێداری، ئاوەدانی، ئاگاداری، پێشینانەوە هاتبێتە دەرەوە. لە دوای بەراورد و تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژ" (خاڵ، ٢٠٢١: ٩). پەندی پێشێنیان لە سیمایدا، بەردەوامی هەیە و دەکرێت، لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا، پەندی تازە، بۆ ئەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی، کە خەڵکی ئەو سەردەمە تیایدا دەژین، دابنرێت و بوترێت. دەکرێت لە سەردەمی ئێستاشماندا "پەند" هەبێت و ببێت بە "نوکتە" و بە ناوی هیچ

کەسێکیشەوە نەبێت و خەڵکانێکی زۆر بیگێڕنەوە. لە نموونەی ئەو پەندە کوردییانەی، کە سیاسیین و بۆ بارودۆخێکی سیاسیی وتراون: "شاری بێ حاکمە"، "لە گێژەنە دەرچووە" (حاجی موشیر، ٢٠٠٩: ٩٠-١٣٥).

ئەم پەندانە، بۆ هەر بارودۆخێکی سیاسیی بەکاردێت، کە بێسەرەوبەرەیی پێوە دیاربێت و کارلەکارترازابێت و ئومێدی چاکبوونی لینەکرێت. "گێژەنە"، بەستەری دەرگایە و کاتێک دەرگایەک لە گێژەنەی خۆی دەردەچێ، ئیتر بە چاکی پێوە نادرێت، کاروباری وڵاتیش، کە بکەوێتە دەستی کەسانێکی نەشارەزا، بەجۆرێک ئەو وڵاتە وێراندەکەن، دواتر هەرگیز نەکەوێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی. هاوشێوەی ئەو پەندانەش هەیە، کە دەگوترێت "کەس لەماڵەوە نییە".

لە بازنەی ئەدەبی میللییشدا، ئەدەبی سیاسیی کوردیی هەستپێدەکرێت و لای شاعیرە میللیەکان، ئەوە دەبینرێت، هەستێکیان بۆ دروستبووە، کە وەڵامێکی ئەو چەوساندنەوەیە بدەنەوە، کە لە سەردەمەکەیاندا هەبووە و هەوڵبدەن بە گوزارشتی ئەو سەردەمە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن، ڕاستە ئەوان ناوی کۆمەڵێک دەستەواژەیان نەهێناوە، چونکە هەندێک زاراوەی تازەی سیاسی هەیە، لەگەڵ هاتنی ڕۆژنامەدا هاتوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، وەک بابەتەکانی " ئیستیقلال، خودموختاری" هەموو ئەمانە ڕۆژنامە هێناویەتی لەژێر کاریگەری ڕۆژنامەکانی تردا و شاعیرانی میللی ئەمەیان نەزانیوە. یاخود شاعیرە میللییەکان، هەندێکیان دۆست و نزیکی میرە کوردەکانبوون و بەیتیان بۆ هۆنیونەتەوە، لە نموونەی ئەو شاعیرە میللیانەش، عەلی بەردەشانییە، کە دۆست و نزیکی (عەبدولڕەحمان پاشا)ی بابان بووە و بە بەیت و هۆنراوەکانی پشتگیریی لێکردووە. "عەلی بەردەشانی"، داستانێکی بۆ "ئەورەحمان پاشای بابان" نووسیوە و ئەو بەیتە داستانییەش، دەچێتە قاڵب و چوارچێوەی ئەدەبی سیاسییەوە و ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی "ئۆسکارمان"، لە کتێبەکەیدا تۆماریکردووە.

"ئەزم عەلی بەردەشانی

دە بەیتێم نەکەی زبانی

بەیتێ دەڵێم بە دیوانی

مەدحی پاشای کوردستانی!

مەدحی پاشای کامیان باشە

شایەد ڕۆم و قزڵباشە

هەر چارێ شیرێ دەکێشا

هەمووی دەهاتنە تەماشا" (ئۆسکارمان، ٢٠١١: ٥١١).

لای شاعیرانی کلاسیکییش، وەکو (مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و سالم و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی) و تا سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی کوردییش، چەندین چامە و هۆنراوەی بەنرخ بەدیدەکرێن، کە دەچنە قاڵب و چوارچێوەی ئەدەبی سیاسیی کوردییەوە و بە ڕەهەندێکی سیاسیی نووسراون. لە نموونەی ئەو چامە بەرزانەش، داستانی "مەم و زین" ی (ئەحمەدی خانی)یە، کە تیایدا شاعیر مەم و زین، دەکاتە بەهانەیەک، بۆ ئەوەی ئەو مەبەستە سیاسییەی، کە هەیەتی بیگەیەنێت. هەروەها چامە بەناوبانگەکەی (سالم)، کە تیایدا وەڵام بۆ (نالی)ی دەنێرێت و بارودۆخی نەخوازراوی سلێمانی، دوای داگیرکاریی عوسمانییەکان بۆ ئەو شارە، باسدەکات، لە ناو شاعیرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەشدا، (حاجی قادری)ی کۆیی، لە پاش ڕووکردنە ئەستەمبوڵ، واز لە هۆنراوەی غەزەل دەهێنێت و بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی تەرخاندەکات بۆ ئەدەبی سیاسیی و بابەتی نیشتمانیی و وروژاندنی هەستی تاکی کورد، بۆ خۆشویستنی خاک و وڵاتەکەی و هاندانیان بۆ یەکگرتووی.

"تا ڕێکنەکەون قەبیلی ئەکراد

هەروا دەبنە خەرابە ئاباد

ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووک


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووک

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ

بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ (کۆیی، ١٣٩٠: ٢٩).

لە پاش قۆناغی کلاسیک و دوای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بوون بە بڵندگۆیەک بۆ شاعیران و نووسەران، تا لە ڕێیەوە پەیامی سیاسیی و نەتەوەیی بدەن بەگوێی قەومی خۆیاندا و هەم بە شیعر و هەم بە پەخشانییش، بەرگریی لە خاک و وڵات و نیشتمانی خۆیان بکەن. بە نموونە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دایک، هەر لە سەرەتای دەرکردنی ڕۆژنامەکەوە، لەپاڵ وتارە سیاسییەکانیدا، دێت و لە ژمارەکانیدا، بە جیا و هەرجارەو بەشێک لە (مەم و زین)، بڵاودەکاتەوە و باسی (حاجی قادری کۆی)یش دەکات، وەک دوو ڕەمزی گەورە و گرنگی ئەدەبی سیاسیی کوردیی.

## ١/٢) خاڵی لێکچوونی ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ:

## ١-١/٢) شانازیکردن:

بە سەیرکردن و وردبوونەوە لە ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ، هەندێک لێکچوون بەدیدەکرێت، کە بوون بە سیمای هاوبەشی هەر یەکێک لەو ئەدەبە سیاسییانە؛ یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانەش، بابەتی هۆنراوەی "شانازی"یە. بەو پێیەی "شانازیی هونەرێکە لە هونەرەکانی "هۆنراوەی گۆرانی" و تیایدا شاعیر بە باڵای خۆی و قەومەکەیدا هەڵدەدات و ئەمەش لە خۆشویستنی خودەوە دێت، وەک فیترەتێکی سروشتی و ڕەگداکوتاو لە ناخی مرۆڤدا؛ ئەوەی جێی سەرنجە خودی شانازییەکە خۆی ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ وێناکردنی خود بە گەورەیی تا بەهۆیەوە ترس لە دڵی دوژمندا دروست بکات" (محمد، ٢٠١٥: ٥). لە ئەدەبی عەرەبییدا، هەر لە سەردەمی "جاهیلی"ییەوە تاوەکو سەردەمی دەستەلاتدارێتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تا ئێستاش، بابەتی "شانازیکردن"، بابەتێکی زەق و دیاری ئەدەبەکەیان بووە. شانازیی نەتەوەیی، ئایینی، هۆزو تیرە، خودیی، کۆمەڵایەتیی. بەتایبەت شانازیی تیرەگەرایی، دیاردەیەکی زۆر باوی ناو کۆمەڵگەو هۆزەکانیان بووە، چونکە خەڵکانیش پابەندبوون بەو دەستورە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی کە هۆز و عەشرەتەکەیان بۆی ڕەنگرێژکردوون، هەموو هۆزێکییش شاعیری خۆی هەبووە، لەپاڵ شانازیی ئایینی و کۆمەڵایەتی "شاعیر شانازی بە قەومەکەی و بە خودی خۆی و بەوەی کە ئەو شەرەفەی پێبراوە و خاوەنی ئەو نەسەبە گەورەیە و بە ئازایەتی و ڕێز و شکۆ و خانەدانی هۆزەکەیەوە کردووە" (الکاتب، ٢٠٠١: ٢٧). بێگوێدانە ئەوەی ئەو شانازیی و ستاییشانە تا چەنێک ڕاستیین و لەگەڵ واقیعەکەدا یەکدەگرنەوە. شاعیرێکی عەرەب هێندە شانازیی بە هۆزەکەیەوە دەکات، دێت و دەڵێت:

"أصاغرنا، في المكرمات، أكابر

أواخرنا، في المأثرات، أوائل" (الحمدانى، ١٩٤٤: ٢٩٣).

واتە؛ بچوکەکانمان لە ڕێز و شکۆ و خانەدانی، لەپێشی گەورەی خەڵکانی دیکەوەن، کۆتا کەسمان لە جوامێری و قارەمانێتی، یەکەمی ئەوانی دیکەیە'.

لە ناو ئەدەبی سیاسیی 'فارسی'یشدا، هەمان شت بەدیدەکرێت، کاتێک شاعیرانیان شانازیی بە خاک و شار و وڵات و نەتەوەی خۆیانەوە دەکەن.

"میر ماه است و بخارا آسمان

ماه سوی آسمان آید همی

میر سرو است و بخارا بوستان

سرو سوی بوستان آید همی! (رودکی، ١٣٧٤: ٢٣).

واته 'میر مانگە و بوخاراش ئاسمان، مانگ و ئاسمانییش بەردەوام پیکەوەن، میر سنەوبەرە و  بوخاراش بێستان، سنەوبەر و بێستانییش بەردەوام پێکەوەن.

ئەم شانازییە، لە ئەدەبی کوردییشدا بەدیدەکرێت و شاعیرانی هەموو دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی، شانازییان بە خاک و ئاو و نیشتمان و نەتەوەی خۆیانەوە کردووە و بایەخیان بە زمانی ڕەسەنی خۆیانداوە و ئەم بایەخپێدانەش، ڕەهەندێکی سیاسیی هەبووە، کە ئەمانیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، خاوەن زمان و کەلتورو فەرهەنگی خۆیانن و شانازی پێوەدەکەن. ئەم شانازییەش لە هەموو دیالێکتە کوردییەکان و لای زۆرینەی شاعیرانی کورد بەدیدەکرێت، تا لە قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردیدا دەگاتە چڵەپۆپە و "مەلا خدرێکی شارەزووریش پەی بەوە برد، کە شیعر ئەو هونەرە گەورە و مەزنەیە، کە دەتوانرێ شان و شەوکەتی کورد و وڵاتی بەبەی پێدەرخرێ و بەرەو هاوشانیکردنی میللەتانی تریان بەرێت و بەهۆشیەوە تاجی شکۆمەندی لەسەرنێ، هەر بۆیە هۆشمەندانە و کارامانە ڕووی لە تاقیکردنەوەیەکی نوێی شیعریی کرد و زیرەکانەش توانی لە ناو جیهانی شیعریی ڕۆژهەڵاتییدا وڵاتێکی شیعریی بە دیالێکتەکەی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیی بنیاتبنێ و بە درێژایی تەمەنی حاکمی بێت" (عەلی، ٢٠٠٤: ٤٠). کەواتە بابەتی شانازیی نەتەوەیی لە ئەدەبی سیاسیی کوردیدا، ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە و ویستی سەلماندنی خود و توانای خۆبەڕێوەبەریی و دەوڵەمەندییە لە زمان و فەرهەنگدا.

"کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا! (نالی، ١٣٨٩: ١٠٣).

## ٢-١/٢) ڕەخنەکردنی دەستەڵات:

لە ئەدەبی سیاسیی کوردیدا، لەپاڵ نەبوونی دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆدا، کە وەک خاڵی جیاوازی ئەدەبی سیاسیی کوردیی و نەتەوەکانی دراوسێ، ئاماژەی پێدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەرییش بۆ کورد، بوونی هەبووبێت، شاعیر و نووسەرانی کورد هاوشێوەی ئەدیب و نووسەرانی نەتەوەکانی دراوسێ، ڕەخنەیان لە خواروخێچی و دووبەرەکی و ناکۆکی و یەکنەگرتنی میر و کاربەدەستان و ڕێکنەکەوتنیان لەگەڵیەک، گرتووە. هەر لە "خانی"یەوە تا "حاجی قادری کۆیی" و شاعیرانی دوای ئەوانییش.

"تا ڕێکنەکەون قەبیلی ئەکراد

هەروا دەبنە خەرابە ئاباد

ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووک

خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووک

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ

بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ (کۆیی، ١٣٩٠: ٢٩).

هاوکات شاعیران، ڕەخنەیان لەو دەستەڵاتە سیاسییەش گرتووە، کە مایەی نەهامەتی میلەت بووە و ئۆباڵی یەکنەگرتن و دوبەرەکی و ژێردەستەیی کوردیان خستوەتە ئەستۆی میر و کاربەدەستانی کورد خۆیەوە، واتە لەپاڵ قۆناغی بەرگری لە نەتەوە و خواستی سەربەخۆیی تەواوەتی، ڕەخنەیان لە ستەم و نادادییش گرتووە.

"لادە شاعیر تۆ لە باسی عەشقبازیی و سەیریکە

چۆن خەریکن چەند کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەکەن

جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو

لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕووڕەشی دنیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا

هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارە و نان ئەکەن

ئاسمان ئێستا وەها چەرخاوە جاهیل غاڵبە

گوربەو و ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن! (جاف، ١٩٨٦: ١٠٤).

چاکبوونی دامودەزگاکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەستەڵاتی سیاسییەوە هەیە، بۆیە هەر شتێک نووسرابێت و ترابێت بۆ چاکسازیی و گۆڕانکاریی، لە هەموو سەردەمێکدا ئاراستەی دەستەڵاتی سیاسیی کراوە، چونکە ئەو دەستەڵاتە خاوەن هێزی ڕەهایە و مەیلی هەبێت بۆ چاکسازیی، هیچ کەسێک ناتوانێت ڕێگری لێبکات.

## ٢/٢) جیاوازی ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ:

### ١-٢/٢) شاعیری (دەربار):

سەبارەت بە بابەتی جیاوازیی، لە ئەدەبی سیاسیی کوردیی و نەتەوەکانی دراوسێدا، ئەوەی مایەی سەرنجبێت و ئەو جیاوازییە زەق و دیارانەی لەنێوان ئەو دوو ئەدەبە سیاسییەدا هەبێت ئەوەیە، لە ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێدا، شاعیری "دەربار" یان "دیوانی پاشا" زۆر بەدیدەکرێت؛ بە نموونە لە ئەدەبی عەرەبییدا و لە سەردەمە جیاوازەکانی بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە فەرمانڕەوایەتییان کردووە، فەرمانڕەواکانیان خاوەنی "شاعیری دەربار" بوون لە کۆشکەکانیاندا، شاعیرەکان بە باڵایاندا هەڵداون و ستایشیانکردوون. ئەمەش بۆ دەستکەوتی ماددی و بەدەستهێنانی ناوبانگ و سودی تاکەکەسیی بووە. شاعیرێکی وەکو "ئەختەل"، کە مەسیحییش بووە، دێت و بەجۆرێک ستاییشی "ئەمەوی"یەکان دەکات، کە دەگاتە لوتکەی زیادەڕەوی و دەڵێت ئەمانە خەلیفەی خودان لەسەر زەوی و خودا خۆی هەڵیبژاردوون و لە پێش هەموو خەڵکییەوەن بۆ سەرکردایەتی و فەرمانڕەواییکردن و بە "پاشا" ناویان دەبات.

"بيض و المصاليت و لم يعدل بهم أحد

بكل معظمة، من سادة العرب

الأكثرين الحصى و الأطيبين ثرى

و الأحمدين القرى في شدة اللذب! (الأخطل، ١٩٩٤: ٣٦).

واتە؛ فەرماندە و قارەمانەکانیان، کە مەبەست لێی "ئەمەوی"یەکانە، هەمیشە کاری جوانیان لێدەوەشێتەوە و دەروشاوەیی و سپێتی بە کارەکانیانەوە دیارە و لە جێبەجێکردنی ئەرک و فەرمانی خۆشیاندا توند و بەهێزن و بڕیاری یەکلاکەرەوە لای ئەوانە و بەمەش کەسیان پێناچوێنرێت و کەس لە ئەوان ناچێت. زۆر دەوڵەمەندن و خاوەنی زۆرترین پیاوی ئازا و قارەمانن و فراوانترین ڕووبەر و زەوی لەژێر فەرمانڕەواییاندایە و ئەمەشیان لە پاکی و حەڵاڵی پارە و داهاتەکەیانەوە بۆماوەتەوە. هەر میوانێک ڕوویان تێئەکات هێندە خزمەتی دەکەن، بەجۆرێک ئەو میوانانە سوپاسیان دەکەن، کە میوانی هیچ قەومێک بەو شێوەیە سوپاسگوزار نییە، تەنانەت لە کاتە زۆر نارەحەت و پڕ لە قاتوقڕی و وشکەساڵییەکانیشدا هەر میواندۆستن و خزمەتی میوان دەکەن!

لە ئەدەبی سیاسیی "فارسی"یشدا، لە هەموو قۆناغەکانی دەوڵەتداریتی خاکی ئێراندا، کە "کۆمەڵێک دەوڵەت حوکومداریی تێداکردووە، گرنگترینیان دەوڵەتی سەفەوی و ئەفشاری و دەوڵەتی زەندی و قاجارییە، بابەتەکانی ئەدەب تا ئەو دەمە وابەستە بووە بە ژیانی پاشاکان و پیاوەکانی چواردەوری و بە چاوپۆشی لە ئەدەبی سۆفیگەریی، دەبینین شیعری شاعیران باسکردن بووە لە قارەمانێتی پاشاکان و ستایشکردنیان و کۆڕی سەرگەرمی و شەرابخواردنەوە و سەرزەنشتکردن و لەکەدارکردنی دوژمنەکانیان، تا دەگاتە بەرزڕاگرتنی شان و شکۆی پاشاکان و بەرزتەماشاکردنی پێگەیان" (جمعه، ١٩٨٠: ٨). تەماشای ئەم هۆنراوەیەی 'ڕودەکی' شاعیری گەورە و خاوەن پێگەی ئێران بکەین، چی لە ستاییش و وەسفی پاشای 'سامان'ییەکان، "ئەبولحەسەن نەسری کوڕی ئەحمەد" دا دەڵێت:

"حاتم طائی توئی اندر سخا

رستم دستان توئی اندر نبرد

نی که حاتم نیست با جود تو راد

نی که رستم نیست در جنگ تو مردا!" (رودکی، ١٣٧٤: ٢٧).

واتە؛ لە بەخشندەیی و دڵاوایی دا تۆ "حاتەمی تەی"ییت، لە قارەمانێتی و نەبەردییشدا "ڕۆستەم"، لەچاو بەخشندەیی و سەخاوەتتدا حاتەم هەر بوونی نییە، هێندە قارەمان و نەبەردییت، ڕۆستەم لە جەنگی تۆدا کوژراوە، ئێستا کە حاتەم بوونی نییە لەبەر بەخشندەیی تۆیە، نەمانی ڕۆستەمییش، لەبەرئەوەیە لە شەڕی تۆدا کوژراوە!

هەندێکجار شاعیرانی دەرباری فارس، هاتوون بە ئامرازەکانی ڕازاندنەوەی پاشاکانیشیاندا هەڵداوە، شاعیرێک لە ستاییشی "فەرەیدون میرزا" ی شازادەی قاجاردا دێت و دەڵێت:

خلخال مجد یارەء دولت سوار ملک

بازوی عدل نیروی دین شهسوار ملک (شیرازی، ١٣٦٣: ٦٨٩).

واتە؛ پاوانەی گەورەیی و دەستبەندی دەوڵەت سوارەی مەلیک، حەساری دادپەروەریی و هێزی ئایین شاسواری پاشا. لەو سەردەمەدا پاشاکان دەستبەند و پاوانەی ئاڵتونیان لە دەست و پێیان کردووە وەکو ڕەمزی گەورەیی و شکۆمەندی.

هەمان شت بۆ ئەدەبی سیاسیی "تورک"ی ڕاستە و ئەدەبی تورکیی، لە سەردەمی دەستەڵاتداریێتی دەوڵەتی 'عوسمانی' و تاوەکو کۆتاییهاتنی ئەو دەستەڵاتە، گەلێک شاعیری کۆشک و دەرباریان هەبووە، "بەوپێیەی دەوڵەتی عوسمانی توانیویەتی دەستەڵاتی خۆی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا فراوان بکات و وەک ڕەمزێک بۆ خەلافەتی ئیسلامی سەیرکراوە و ئەم بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەش لە ناو ژیانی کۆشکدا ڕەنگیداوەتەوە؛ ئەمەش پاڵی بە شاعیرەکانەوە ناوە، کە بە باڵای باوباپیران و قارەمانانی عوسمانیدا هەڵدەن و باس لە سەرکەوتنەکانیان بکەن" (عبدالعال، ٢٠٠٧: ١٣٠).

لە ئەدەبی سیاسیی کوردیدا، شیعری دەربار بە کەمی دەبینرێت، واتە شیعرێک بە فەرمانی سوڵتانێک یان پاشایەک بنووسرێت. ئەو شاعیرانەی بەردەوام لای پاشاکان پارەیان وەرگرتووە و شوێنی باشیان هەبووە و بە سیاسەتی سوڵتان هەستاون و دانیشتوون. زۆر کەم لە ئەدەبی کوردیدا شاعیری دەربار دەدۆزینەوە، کە هاتبن، هۆنراوەیان بۆ دەستەڵاتی سیاسیی نووسیبێت، بەڵکو بەشێکی زۆریان شاعیرانی نارازیی بوون و دوای پارە و بەرژەوەندی تایبەتی نەکەوتوون؛ لە حاڵەتێکییشدا ئەگەر شاعیران ستایشی پاشایەکیان کردبێت، ئەوە بێبەرامبەر بووە و بۆ دەستکەوتی ماددی نەبووە و هەستی نیشتمانپەروەریی بزوێنەر و داینەمۆی ئەو ئەدەبە سیاسییە بووە. یان لە پێناو بەرژەوەندی و سودی گشتی بووە. بۆ نموونە "نالی"، کاتێک ستاییشی لەشکرەکەی "ئەحمەد پاشای بابان" دەکات، هەستی نیشتمانپەروەریی پاڵی پێوەناوە و بۆ دەستکەوتی ماددی نەبووە.

"ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهن

ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن

حەڵقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن! (نالی، ١٣٨٩: ٣٥٠-٣٥١).

نالیی، شانازیی بەوەوە دەکات، کە سەربازەکان لەو بازنە عەشایەرییە دەرچوون، هەریەکەو بۆ خۆی جۆرە جلێکی لەبەردابێت و بەوە دڵخۆشە، کە بەو ڕێکوپێکییە ڕاهێنراون و ئەمەش سوودی گشتییە، نەک دەستکەوتی تایبەتی. هاوکات شاعیرێکی وەکو "سالمی ساحێبقڕان"، کە لە چامەیەکیدا ، باسی قارەمانێتی "عەزیزبەگی بابان" دەکات، لە شەڕەکەیدا لەگەڵ "تورک"ەکان، ئەمە بێ بەرامبەر بووە و ڕاستگۆیی تیایە و هیچ مەرامێکی تایبەتیی تێدا نییە، بەڵکو ئاهو حەسرەت هەڵکێشانە، بۆ لەناوچوونی دەستەڵاتێکی کوردیی خۆماڵیی و زاڵبوونی هێزی بێگانە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەسەریدا.

گەرچی میصرە شارەزوور، ئەمما خەرابە بێ "عەزیز"

ڕوو دەدا ئەم خەلقە ئاخر، حاڵەتی کەنعانییان

شێری بێشەی موڵکی بابان بوو "عەزیز" ئەمما دریغ

وەک گرێی داموسکی بێ، ئاو قەومەکەی زوو هەڵوەشان

دیدە نابینایە وەک "یەعقوب" لە هیجرانی "عەزیز"

تۆی خودا صاحێب مەکان و تۆی خودایا! لا مەکان

کەوکەبی بەختی "عەزیز"م وا لە چاها بێنەدەر

شەعشەعەی ئەمری مونەووەر کا، زەمین و ئاسمان! (سالم، ٢٠١٥: ٥٤٨).

هەروەها شاعیرێکی وەکو مەحویی، کە دێت و لە چەند شوێنێکدا ستایشی "سوڵتانی عوسمانی" دەکات و پشتگیری خۆی و ئیمپراتۆریەتەکەی دەکات، لەبەر سۆزی ئایینیە و هاوئایینی پاڵنەری سەرەکییە بۆ نووسینی ئەو هۆنراوانە، نەک دەستکەوتی ماددی.

"شەخسێکی صاحێب ئەحواڵ پرسی کە ئەی ئەفلاتوون

یۆنانیانی قەومت بۆچی بە دەردی سەگ چوون

تا ئەو جێیەی کە دەڵێت:

فەتح و ظەفەر بە ناوی کێ بێ؟ خەلیفەی ئیسلام

"عبدالحمید" ی غازی، سوڵتانی ڕوبعی مەسکون! (مەحوی، ١٣٩١: ٣٢٤-٣٢٥).

شاعیرێکی تری وەک "مەولانا خالیدی نەقشبەندی"، "لە سەردەمی ئیبراهیم پاشای باباندا لە سلیمانیدا بووە و بە چاوی خۆی هەوڵ و خزمەتەکانی ئیبراهیم پاشای لەو شارەدا بینیوە، هەر بۆیە لە چامە شیعرێکیدا ستایشی ئیبراهیم پاشای بابانی کردووە، باسی لە هەڵوێست و کارە چاکەکانی کردووە... مەولانا بە چاوی خۆی بینیویەتی ئیبراهیم پاشا مزگەوتی گەورەی سلێمانی بنیاتناوە و کتێبخانە گەورەکەی قەڵاچوالانی بۆ گواستوەتەوە

"کێوی شەرەف کانی سەخا و کەرەم

هەرکەسێ لای ئەو کە بێتە خەدەم

ڕوتبەی ئەگاتە کەمەری ئاسمان

حاجەتی نامێنێ بە ڕوتبە و نیشان! (صاڵح، ٢٠١٩: ٢٩-٣١).

تا نیوەی دووەمی سەدەی بیست و بەرەو سەریشەوە، شاعیری کورد لە ناو حیزبی سیاسییشدا نەک دەستکەوتی ماددی نەبووە، بەڵکو گرتن و لێدان و زیندانیکردن بەشی بووە، لە نموونەی "گۆران، دیلان، کامەران موکری" و چەندانی تریش.

## ٢-٢/٢) پەخشانی سیاسی:

مێژووی پەخشانی سیاسی و شیعری سیاسی نەتەوەکانی دراوسێ، کۆنترە لە هی کورد؛ بەو هۆیەی دەستەڵاتی سیاسییان و دەوڵەتدارییان زووتر بووە. تەنانەت عەرەبەکان، لە پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، پەخشانی سیاسییان هەبووە و هەر لەسەردەمی جاهیلیدا لە لای "جاحظ و تەوحیدی و ئیبنولعەمید" و هی تریش، چەندجۆرێکی پەخشان نووسراون، وەک 'ئامۆژگاریی و وەسیەتکردن، وتار، پەند و قسەی نەستەق، پیاهەڵدان و ستاییشکردنی کاهین و بت"ەکان، بەتایبەتی "هونەری وتاردان، لەسەردەمی جاهیلییدا بایەخ و ڕەواجێکی زۆری هەبووە و کۆمەڵێک هۆکار هەبوون تا ئەو بایەخە پەیدا بکات، وەک زۆری چەلەحانێ و ڕەخنەلەیەکگرتن و بوونی بازاڕەکان، کە تیایدا یەکتریان

دەبینی و لەوێدا شانازییان بە باووباپیران و نەسەب و بنەچەی خۆیانەوە دەکرد" (المفتوحة، ٢٠٠٧: ٢٠). ئەوەی جێی سەرنجە لەسەرەتادا "پەخشانی کۆنی عەرەبیی سەرزارەکی بووە و لەژێر سایەی گێڕانەوەی دەم بە دەمدا گەشەی کردووە وتۆمارنەکراوە تا کاتی جێگیربوون و چەسپانی کۆتا وێنەی ئەو گێڕانەوە سەرزارەکییە" (إبراهيم، ٢٠٠٢: ٦). لە پاش هاتنی ئاینیی ئیسلام و بە درێژایی دەستەڵاتدارێتی دەوڵەتە جیاوازەکانی، ئەم هونەرە لە برەو و پێشکەوتندابووە، دیارترین هونەری پەخشانییش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامیی بەدواوە، هونەری "نامە" نووسین بووە. "نامە"گۆڕینەوەی نێوان پاشا و دەستەڵاتدارەکان و هەموو ئەو نامانەی، لەلایەن خەلیفەی موسوڵمانانەوە دەنێردران بۆ فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی ژێر فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی ئیسلامیی لەلایەک و ئەو "نامەگۆڕینەوە"یانەی، کە دەنێردران بۆ پاشا و دەستەڵاتدارە نائیسلامییەکان، کە ئەدەبی سیاسیی کوردیی لەمەشدا هەژارە و زۆر کەم "نامە"ی میر و فەرمانڕەوای میرنشینە کوردییەکان دەدۆزینەوە، کە بۆیەکتریان ناردبێت و مێژووی پەخشانی سیاسیی لای کورد، لە دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە دەستپێدەکات و کە ئەمەش مێژوویەکی زۆر کۆن نییە؛ واتە مێژووی ئەدەبی سیاسییمان تەنیا هۆنراوەکانە و لەو ڕۆژنامەیەوە دەبێت بە "وتار"، کە دیسان ئەو پەیامە درەنگ گەیشتوەتە ناو خەڵک، وەک ئەوەی لە شیعری 'حاجی قادر' یان 'خانی' دەبینرێت، تەنانەت ئەوەی لە نێوان 'نالی' و 'سالم'یشدا هەیە، درەنگ گەشتوەتە دەستەبژێر و خوێندەواری کورد. دەتوانین بڵێین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە زیاتر ئەو پەیامە گەیشتوە و لەکاتی خۆیدا ئەو دەنگدانەوەیەی نەبووە وەک لە ناو میللەتەکانی تردا هەبوون. بابەتی "پەخشانی نامەنووسین لە ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی نوێیە و لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاردا سەرەتای دەرکەوتووە، عەلائەدین سەجادی لە لێکۆڵینەوەو نووسینەکانیدا دەربارەی ئەدەبی کوردی ڕای وایە کە نامەنووسین لە ناو کورددا لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام ئەو پاشماوانەی کە ماونەتەوە ئەوە دەرئەخەن کە پەخشانی نامە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بە زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی نووسراون، ئەگەر جارجارەش بە کوردی نووسرابن ئەوا فەوتاون و پاشماوەیان تا ئێستا بەدەرنەکەوتووە، ئەگەر سەرنجی ئەو نامانە بدەین کە لەگەڵ بەرهەمی تری شاعیر و زاناکانی کورددا بۆمان ماونەتەوە، نموونەیەکمان بەرچاو ناکەوێ کە بە کوردیی نووسرابن" (میسری، ٢٠٠٤: ٧٠). بابەتی پەخشان و نامە، شتێک نییە وەک بەڵگە لای کورد خۆی پارێزراو بووبێت، بەڵکو لای بێگانەکان شتەکان نووسراون، بۆ نموونە کورد لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیەکاندا، کورد لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزەکاندا، یان لە بیرەوەرییەکانی گەڕیدەکاندا، شتەکان باسکراون و پارێزراون. پاراستن و هەبوونی "نامە" وەک هونەرێکی پەخشان، پەیوەندی بە دروستبوونی دەوڵەت و دامودەزگای تۆکمەوە هەیە، کە لای "عەرەب"ەکان بەتایبەتی، زۆرکۆنە و خەلیفە و فەرمانڕەواکانیان "نامە"یان هەبووە بۆ یەکتری و بۆ والییەکانیان ناردوە. ئەم هونەرەش هێندە پێشکەوت، تا لە سەردەمی دەوڵەتی "ئەمەوی" دا، "دیوان" دانرا وەکو "دیوانی مەعاوییە"، کە شوێنێک بوو، وەکو نووسینگەیەک، ئیشیان "نامە" نووسین و "نامە" وەرگرتن بووە و تیایدا نامەیان ناردووە بۆ کاربەدەستان و بۆ دەوروبەر و نامەشیان ناردوە بۆ دوژمنەکان و دوژمنەکانیشیان هەم بە شیعر و هەم بە پەخشان جوابیانداوەتەوە.

کێشەیەکی تر ئەمەیە، ئەگەر لە ئەدەبی کوردیدا، "نامە" هەبووبێت، بە کوردی نەنووسراوە و زۆرتر بە فارسییە. بەڵگەی ئەمەش، هەموو ئەو "نامە"یانەیە، کە "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس"، لە دوو بەرگەکەی "یادی مەردان"دا بڵاویکردووەتەوە و تیایدا هەموو نامەکان بە زمانی "فارسی نووسراون، هەر لە نامەکانی "مەولانا خالیدی نەقشبەندی"یەوە، تا "چل" نامەکەی مەولەویی شاعیر. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، شاعیرەکان زۆریان هۆنراوەی "فارسی" و "عەرەبی" و "تورکی"یان هەیە، بۆ ئەوەی ڕەخنەیان لێنەگرن، کە ئەمانە تەنیا هەر زمانی کوردی دەزانن و زمانی تر نازانن. واتە ویستویانە باڵادەستیی خۆیان دەرخەن.

بابەتی پەخشانی هونەری و کوردیی نووسین، لە ڕۆژنامەی "کوردستانەوە" قاڵبدەگرێت و پێش ئەوە "نامە" ئەگەر هەبووبێت، بە زمانی جگە لە زمانی کوردیی نووسراون. لە دەوڵەتی "عوسمانی"یشدا، زمانی ئەدەب، فارسی بووە، شاعیرانی سوڵتانە عوسمانییەکان زۆر گرنگییان بە "فارسی" داوە و زمانی "تورکی" زیاتر زمانی فەرمی حوکمەت بوە. واتە هێندە سەرسامبوون بە ئەدەبیاتی فارس، کە بەو زمانە ئەدەب هۆنراوەتەوە، بەڵام بۆ ئەدەبی عەرەبی شتەکە جیاوازە و عەرەب بەهۆی باڵادەستی زمانەکەی و بەهۆی "قورئان"ەوە، شیعر و پەخشان هەر

عەرەبی بووە. تەنانەت لەسەردەمی پێغەمبەردا "درودی خوای لێبێت"، ئەو نامانەی کە بۆ "هیرەقەل"ی پاشای ڕۆم و "کیسرا"ی پاشای فارسەکانی دەنێریت، عەرەبی بووە. لە ئەدەبی کوردیشدا، لە سەردەمی شێخ مەحموددا بڕیاردراوە، کە دەبێت نووسین  بە کوردیی بێت و نامە بە کوردیی بنێردرێت بۆ دامودەزگاکان، هەروەها ئەو هەوڵانەی کە ئینگلیزەکان لەکاتی دەرکردنی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن‌دا داویانە، بۆ ئەوەی زمانی کوردیی ببێتە زمانی فەرمی دامودەزگاکان و لە وشەی بێگانە پاکبکرێتەوە، بە نموونە ئەو وتارانەی باسی ڕێنووسی کوردیی دەکەن، باسی زمانی یەکگرتوو دەکەن، لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە "١٠"ی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"دا، باس لە گرنگی ئەو دەستکەوتە کراوە، کە خوێندنەوە و نووسین و ڕاپیکردنی کاروبارەکانی میری بە زمانی کوردییە  "دەبێ زۆر خۆش بین کە دەوڵەتی فەخیمەی بەریتانیا بە کوردستانی ئێمە ئەم ئیمتیازەی داوێ، نووسین و خوێندنەوە و معامەلاتی ڕەسمیەمان بە زمانی خۆمان بێ".

## ٣-٢/٢) نەبوونی دەوڵەت:

جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە، ئەدەبی سیاسی کوردیی، ئەدەبی نەتەوەیەکی بێ "کیان" و بێ دەوڵەتە، لە کاتێکدا ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ، ئەدەبی نەتەوەی سەربەخۆ و سەردەستەن؛ لە پێشدا بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم جیاوازییە، پێویستە ئەمە بزانین، کە ئەدەبی سیاسیی وەک هەر ئەدەبێکی دیکە پلەبەندیی و قۆناغە، قۆناغی یەکەم وشیارکردنەوەی خەڵکە، دووەمیان بەرگرییە لە خود و لە نەتەوە، سێیەمیان خواستی دەوڵەت و سەربەخۆییە؛ لە کۆتا جارییشدا و پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، چاکسازیی  و خواستی گۆڕانکارییە لە دەوڵەتدا. هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە کە ئەبڕدرێت، ئەدەبی سیاسی وەک هەر ئەدەبێکی دیکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؛ بۆ نموونە هەر میللەتێک قەوارەیەکی سیاسیی هەبێت، نووسەرانی نایەن ئەو قەوارە سیاسییە بروخێنن و سنورەکەشیان بە شتێکی پیرۆز ئەزانن، بەڵام لە ناوەوە ئەیانەوێت چاکسازیی لەو قەوارەیەدا بکەن. واتە کاتێک شاعیرێک دێت گلەیی و گازندە لەدەست خوار و خێچییەکانی سیستمی سیاسی وڵاتەکەی دەکات، ئەو نیازەی نییە کە ئەو سیستمە سیاسییە نەمێنێت، بەڵکو ویستی چاکسازیی هەیە تێیدا.

شاعیر و ئەدیبانی میللەتانی سەردەستە، لە پاش بەدەوڵەتبوون و سەربەخۆیی، نایەن دیسان باسی سەربەخۆیی و باسی ئاڵا و باسی دراوی دەوڵەت بکەن، بەڵکو ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە و لە تەواوی دونیاشدا هەر وایە وئەدیبێکی "بەریتانی"، نایەت باسی ئاڵا و بەرگری و سەربەخۆیی بکات، بەڵکو دێت ئەوە دەخاتە ڕاپرسییەوە، کە ئایا سیستمی پاشایەتی چی بەخشیوەتە هاوڵاتی بەریتانی و ئایا بوونی باشترە یان نەبوونی. کێشەی باج و کێشەی لایەنی دەروونی خەڵک، ئایا سیستەمی سیاسی توانیویەتی کۆمەڵگا بکات بە کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران، ئەگەر نەیتوانیوە خەتای کێیە، بۆیە ئەدەبی سیاسی لە خزمەتی ئەو بابەتانەدا ئەسوڕێتەوە.

نووسەر و ڕووناکبیر و شاعیری نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەتی وەکو "عەرەب"یش دێت باسی بە سیستەمکردنی بارودۆخ و خراپی بارودۆخ ئەکات، باسی پچڕان و لێکترازان و جیاوازی و دووبەرەکی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان دەکات، باسی ناکۆکی و خیلافات ئەکات، بە سەیرکردنی هۆنراوەی شاعیرانی نوێخوازی 'عەرەب' ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، بە نموونە شیعرەکانی 'نزار قەبانی، عەبدولوەهاب بەیاتی، بەدر شاکر سەیاب، مەحمود دەروێش، ئەحمەد مەتەر، محەمەد ماغوت' و چەندانی تریش، کە باسی ئەوە دەکەن، عەرەب میللەتێکن ڕێکناکەون، نۆکەری بێگانەن و خۆیان و میللەتەکانیان بە داگیرکەر فرۆشتووە، باسی میراتگەرایی لە دەستەڵات و پشتاوپشتی هاتنە سەر حوکوم و نەڕەخساندنی دەرفەت بۆ نوخبە تا بێنە پێشەوە و دیکتاتۆرییەتی ڕەها و برسێتی و بێکاریی و نەخوێندواریی و هتد. کەواتە زیاتر لە قۆناغی دوای ڕزگاربووندا ئەدەبی سیاسی هەوڵی گۆڕانکاریی و چاکسازی لە دەستەڵاتی سیاسیدا ئەدات، نەک دەوڵەتسازی. با سەیرێکی ئەم هۆنراوە تەنزئامێزە بکەین، ئەو ڕاستییە زیاتر بەدیدەکرێت.

"بەرانێک بە پەژارەوە

بە شوانەکەی وت:

تۆ کە بڕیارت داوە بمفرۆشی

بۆچی تێرمناکەیت؟

شوانەکە پێی وت: ئەتەوێ بڵێی چی؟
هەموو بەرپرسی وڵاتەکەم وەک منن
نە شەکوای حاڵی خۆشمەکەم و نە گلەییم هەیە
تۆش وایدانێ ڕانەمەڕێکی 'عەرەبی'یت و
من خاوەنداریتییت ئەکەم! (مطر، ٢٠١١: ٢٩٢).

هاوشێوەی عەرەبەکان، شاعیر و نووسەرانی "تورک"یش لە نموونەی "نامیق کەمال، تۆفیق فیکرەت" و چەندانی تر، ڕەخنەیان لە دەستەڵاتی داپڵۆسێنەری سەردەمەکەی خۆیان گرتووە و نووسەرانێکبوون، کە داوای ئازادیی و سەربەستی و یەکسانییان کردووە و دژی نادادی قەڵەمەکانیان بەگەڕخستووە.

"ڕۆژێک گەل، شمشێر لە کالان دەردەکێشێت،
قیامەت بەرپائەبێت،
گوڵەکان لە بەحری خوێنا نوقمەبن..
ئەو نەفس نزمانەی ڕۆژانێک گەشتبوونە لوتکە و هەرەمی گەورەیی و شکۆ،
خۆیان و شەریکەکانیان، کە دەنگی گەلیان لاوازەکرد،
ئەوانەشی هاوکاریان بوون لە دووڕوو سیخورەکانی چواردەوریان،
دانەبەدانەیان بە پەتی سێدارەدا هەڵئەواسرێن! " (کمال، ١٩٦٥: ٢٧).

شاعیر، لەم هۆنراوەیەدا، بە توندی هێرشدەکاتە سەر دەستەڵاتی سەردەمی خۆی "دەوڵەتی عوسمانی"، کاتێک دەبینێت، نیشتمان بوەتە شوێنێکی تاڵانکراوی بەکارهێنراو بۆ سود و چاوچنۆکی بەرپرسەکان.

تۆفیق فیکرەت، بێزارە لەو دیمەنەی کە دەبینێت "ئەوانەی لەسەر کورسی دەستەڵاتدا دانیشتبوون و تەنیا بیریان لە پڕکردنەوەی کیسە و گەدەیان دەکردەوە، فیکرەت لە حوزەیرانی '١٩١٢'دا بەرامبەر بەمانە شیعری 'خانی یەخما- خانی تاڵان' ی پڕ لە تیزی توندوتیژی نووسییەوە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ: ئەم خوانچەیە ئەفەندیینە، کە چاوەڕێی هەڵلوشینە، لەبەردەمتاندا دەلەرزێ، ئەمە ژیانی میللەتە، هی ئەم میللەتەیە کە پەشۆکاوە، هی ئەم میللەتەیە کە لە سەرەمەرگدایە" (تاقانە، ٢٠٠١: ١٠).

لای شاعیر و ئەدیبانی فارسی و لە "قۆناغی پڕ لە جموجوڵی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستی زایینی کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی دەستەڵاتی قاجارەکان لە ئێران و شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ماوەی سەرهەڵدانی شیعری هاوچەخی فارسیی بوو، ڕووداوە رامیاری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی ئەم ماوەیە و لە سەرووی هەموویان شۆڕشی مەشروتەخوازیی ئێران ڕۆڵێکی گرنگیان لە لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێی ئەدەبییدا هەبوو" (طاهر، ٢٠٠٦: ١٧). کە چیدی شاعیران، زمانی ئەدەبییان بۆ ڕەوانبێژیی و پیاهەڵدان و ستاییشی پاشاکان بەکارنەدەهێنا، بەڵکو دەهاتن بە زمانێکی سادە "کەموکورییەکان و نارەزایەتییەکان و کرانەوەی مەوداکان لە نێوان چینی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا کە قاجارەکان بوون و خەڵکی سادە، ئەدەبیات بە گشتی و شیعری گاڵتەئامێزی دەکردە ئامرازی کاردانەوە" (مەجید، ٢٠١٩: ٥٤).

## ٢/٢-٤) دەمارگیری:

### ٢/٢-٤-١) دەمارگیریی ئایینی:

جیاوازییەکی تری ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ، شەڕی ئایینی و جیاوازی مەزهەبگەرایی و خۆلەپێشترزانین بۆ سەرکردایەتی و دەستەڵاتدارێتییە، کە مێژوویەکی دوورو و درێژی ئەدەبی سیاسیی ئەو نەتەوانە پێکدەهێنێت. هەموو ئەو کێشمەکێش و جیاوازییانەش، لەژێر چەتری ئایینیدا بووە و شاعیران، تا ڕادەی یەکتر کافرکردن و سوکایەتی بە پیرۆزییەکانی یەکتر ڕۆشتوون. نموونەی ئەو

ناكۆكییانەش لای دەوڵەتانی "ئەمەوی و عەباسی" و "عوسمانی و سەفەوی"دا بەرچاوەدەکەوێت. کە ئەمە لە ئەدەبی سیاسیی کوردییدا بەدیناکرێت. ڕاستە باسکردن لە مەزهەب دەچێتە قاڵبێکی ئایینییەوە، بەڵام هەر مەزهەبێک لە هەرسەردەمێکدا باڵادەستبووبێت، نووسەران و شاعیرانیان بە باڵای ئەوەدا هەڵیانداوە و دژی بەرامبەرەکانیان شیعریان هۆنیوەتەوە و بەمەش ئەدەبەکەیان مۆرکێکی سیاسیی وەرگرتووە.

"أحب محمدا حبا شديدا

و عباسا و حمزة و الوصيا

ألست ترين بني هاشم

قد أفنتهم الفئة ظالمة! (الدؤلی، ١٩٦٤: ٧٢-٧٥).

واتە؛ محەمەد "درودی خوای لەسەر" و هاوڕێ و یاوەرانیم هەموو خۆشدەوێن، بەڵام ئەوە بەنی هاشم بۆ سەیرناكەن، كەوا كۆمەڵە خەڵكێكی ستەمكار "مەبەست پێی ئەمەوی"یەكانە، خەریكن لەناویان دەبەن و ناویان دەسڕنەوە.

ئەم ناكۆكیانە، زۆر كەم لە شاعیرانی كورد بەدیدەكرێت، ئەگەر هەشبێت وەک پەرچەكردارێک بووە، بەرامبەر بەو سوكایەتییانەی بەرامبەر بە پیرۆزییەكانی ئایینی ئیسلام كراوە، نەک ئەوەی كە لایەنداریيان بۆ مەزهەبێک هەبێت و دژی مەزهەب و گروپێكی تر وەستابنەوە. وەک ئەو هۆنراوەیەی "سالم"، كە دێت و باسی گەورەیی و شكۆی یارانی پێغەمبەر"درودی خوای لەسەر" دەكات و وەڵامی مەزهەبی شیعە دەداتەوە، بەرامبەر بەو سوكایەتیانەی كە بە خێزان و یارانی پەیامبەر دەیكەن.

ڕافیضی شیعەن، لە هەردوولا نەزان و بێخەبەر

موعجیزەی صددیقە بووڕا، هەروەكو دووڕەی عومەر

تا ئەو شوێنەی دەڵێت:

كەی "عەلی" ڕوخصەت دەدا كەس بەد بە یارانی بڵێ

عالمی نا عالمی شیعەن، حەقیقەت، میثلی كەر (سالم، ٢٠١٥: ٣١٨-٣١٩).

سالم، نەهاتووە لەبەر لایەنداریی لە "عوسمانی"یەكان، كە لەوكاتەدا، ڕابەرایەتی مەزهەبی سوننەی جیهانیان كردووە، بە باڵای عوسمانییەكاندا هەڵبدات، تا ئێمە بێین و بڵێین ئەم هۆنراوەیە لایەنداریيە لە ئەوان، بە پێچەوانەوە، دیوانی سالم، پڕیەتی لە دژایەتی تورک و ناوبردنیان بە "ڕۆمی"ی شووم و ستەمكار. بۆیە لە ئەدەبی سیاسیی كوردیدا، جیاوازی مەزهەبی "سوننە و شیعە" نەكراوە و تەنانەت ئەو ناكۆكییەی لەنێوان "قادری" و "نەقشبەندی"یەكاندا لە كوردستان هەبووە، پەلكێشی ناو ئەدەبی كوردی نەكراوە. لەكاتێكدا "مەولانا خالیدی نەقشبەندی" و ڕابەری تەریقەتی نەقشی لە كوردستان، خۆی دەستێكی باڵای هەبووە لە هۆنینەوەی شیعردا و لە تەمەنیدا، بەهۆی جیاوازیی تەریقەتەوە چەند جارێک ئاوارە و دەربەدەر بووە. واتە سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە شاعیرەكان كەسانی دیندار و خواناسیش بوون و لایەنداریيان بۆ ڕابەرە دینییەكانی كوردستان هەبووە، بەڵام نەهاتوون سوكایەتی بەوانی دیكە و مەزهەب و ئاینی ئەوانی تر بكەن. هەروەها بابەتی "تایەفەگەرایی" وەک هێرشكردنە سەر "مەسیحی" و "یەهودی"ەكان لە ئەدەبی كوردیدا زۆر كەمە. قەت نابینرێت شاعیرانی گەورەی وەک "نالی و سالم و كوردی"ی لە هۆنراوەكانیاندا، هێرشبكەنە سەر "مەسیحی و یەهودی"یەكان، تەنیا لای "مەحوی" نەبێت كە سۆزی ئایینی زاڵدەبێت بەسەریدا و وەک كاردانەوەیەک بۆ پشتگیریی سوڵتانی عوسمانی و جەنگەكانی دژ بە "ڕوس و یۆنان"ەكان، دێت و سوكایەتیيان پێدەكات و بە باڵای سوڵتانی عوسمانیدا هەڵدەدات. تەنانەت لە ڕۆژنامەی "كوردستان" بە پێچەوانەوە زۆر بەرگریی لە "ئەرمەنەكان" دەكرێت و دژی "سوارەی حەمیدییە" وتار نووسراوە، "كوردستان بە ئەوپەڕی تێگەیشتنەوە 'سوارەی حەمیدی' و مەبەستی شاراوەی دامەزراندنی هەڵسەنگاند. كاتێک ژمارەیەكی زۆر لە سەرەک هۆزانی كورد ڕەشبەڵەكیان بە بۆنەی دامەزراندنی ئەو دەزگایەوە دەگێڕا و هی وایان هەبوو وایدەزانی خێر و بەرەكەت بۆ هەموو كورد دێنێ! 'كوردستان' بە هەموانی ڕادەگەیاند كە مەبەستی سەرەكی 'سوارەی حەمیدی' خەریككردنی كورد و خۆشكردنی ئاگری دووبەرەكی نێوان ئەوان و ئەرمەنە تاوەكو دژی سیاسەتی چەوساندنەوەی سوڵتان یەک

نەکگرن" (مەزهەر، کەمال، ١٩٧٨: ٦٥). کوردبوونی "سوارەی حەمیدیە"، وا لە ڕۆژنامەی کوردستان ناکات، بێت و لەبەر ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی ستاییشیان بکات، نەک ئەوە بەڵکو لۆمەیان دەکات و لە ژمارە (٢٨)ی ڕۆژنامەکەدا و لە لاپەڕەی (٢) ی ڕۆژنامەکەدا هاتووە "ئەصڵی مەقصەد ژ تەئسیسا ڤان سوارا ئەڤە کو وەقتا کو ئەرمەنی ژ زوڵما حوکمەتێ گەلەک بێزار بین عەدالەت خواستن. زەکی پاشا ترسا کو کورد ژی ژ زوڵما حوکومەتێ خوە بدەن مەیلی ئەرمینیا و هەردوو میللەت بە ئیتیفاق دەست هەڵێنن لەوما عەرز خونکار کر تەئسیسا ڤان ئەیارە ئیزن خواست. خنکار ژی هەر دڤێ تفاقەک بکە ما بەینا ملەل و ئەفرادێن بن دەستێ خوەدە لەو ما فکرا زەکی پاشا گەلەک مناسب دیت و دا کردا جەلبێ خوە و ژ ئەرمینیا دوور بکە زوو تەئسیسا ڤان سوارا فەرمان کر". لە لاپەڕە (٣) ی ژمارە (٢٦)ی ڕۆژنامەکەشدا داوای پاراستنی ئەرمەنەکان دەکات و بە کارێکی مرۆڤانەی ناودەبات "دڤێ ئەوان مەعصومێن ئەرمەنیا محافەزە بکن ...مقتەزای ئینسانیەت ئەڤە". تەنانەت چەند خێزانێکی کورد "ئەرمەن"ەکانیان لە ماڵی خۆیان پاراستووە و نەیانهێشتوە قڕ بکرێن.

### ٢/٢-٤-٢) دەمارگیریی نەتەوەیی:

جگە لە شەڕی ئایینی و مەزهەبگەرایی، ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ لێوڕێژە بە دەمارگیری نەتەوەیی وهەمیشە ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە لەو پەڕی لوتکەدابووە.

و إنما الناس بالملوك

و لا يفلح العرب ملوكها عجم! (المتنبي، ١٩٨٣: ٩٣).

واتە؛ خەڵکان بە پادشاکانیانەوە خەڵکن و بە ئەوەوە هەیبەت و شان و شکۆیان پارێزراوە، بۆیە 'عەرەب' قەت ڕزگاریی و سەرفرازیی بەخۆیەوە نابینێت، ئەگەر پادشا و سەرۆکەکەی 'عەجەم' بێت. تەنانەت ئەگەر ئەو 'عەجەم'ە هاو دینیشی بێت. ئەو نوخبە کەمەش کە لە ناو نەتەوەکانی دراوسێدا هەیە، هەر لە منداڵییەوە لەسەر ئەوە پەروەردەکراون بە گیانێکی نەتەوەپەرستییەوە مامەڵە بکەن و بەشێوەیەکی هێندە توند پەروەردەکراون کە بەرهەمی جگە لەخۆیان نەخوێننەوە، کەمینەیەکیان نەبێت. واتە ئەو دیوارە ئەستورەی دروستکراوە لە نێوان نەتەوەکاندا، وای لە ڕۆشنبیر و خوێنەواری کورد کردووە، نەتوانێت ئەو دیوارە ئەستوورە ببڕێت و بەرهەمەکانی خێرا و بەربڵاو بە دنیای دەرەوە بناسرێت، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێرەدا جیاوازی نوخبەی تورک و فارس لەگەڵ شاعیران و نووسەرانی کورد دا دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە ناو شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا بەشێک لەو شاعیرانە بە زمانی فارسی و تورکی هۆنراوەیان نووسیوە و لە دیوانی خۆیاندا شوێنیان کردوەتەوە، بەڵام تورکێک یان فارسێک ئامادە نەبووە بیخوێنێتەوە، ڕاستە هەوڵێک هەیە ئەو هۆنراوانە چاپبکرێن و نوخبە و ڕۆشنبیرەکانیان سەرسامی خۆیان بەم شارەزایی و لێزانییەی شاعیرانی کورد بەرامبەر بە فارسی و تورکیزانینەکەیان ناشارنەوە، بەڵام دیسان ئەمە سنوورێکی کەمی هەیە و چەندێکییش کورد خاوەنی شاعیر و ئەدیبی گەورە و باش بێت، نەتەوەی دراوسێ تا ئەوەی خۆی هەبێت، دان بە نووسەر ئەدیبی کورد دا نانێت. نموونەیەکی تری دەمارگیری نەتەوەیی، "لەساڵی ٢٧٩ ك/ ٨٩٢ ز لەژێر گوشاری یاخیبون و کەوتنە یەك لەدوا یەکەکانی موسڵ بەدەستی خەواریجەکان، خەلیفە "معتضد"ی عەباسی، کوردێکی بەناوی "عەلی ڕەهزاد"، کردە فەرماندەی شارەکە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکاتەوە، شاعیرێکی عەرەب بەناوی "العجيني" لەمەراقی ئەمە شیعرێکی وتووە:

ما رأى الناس لهذا الـ ... دهر مذ كانوا شبيها

ذلت الموصل حتى ...... أمر الأكراد فيها (عزالدين، ١٩٩٧: ٤٦٩).

واتە؛ خەڵک لەوەتەی هەن ڕۆژگاری وەک ئەمڕۆیان نەدیوە، هێندە موسڵ زەلیل بووە، تا کوردەکان، بوونەتە فرمانڕەوای.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئەنجام:

١- ئەدەبێک بە سیاسیی دادەنرێت، کە دژی دەستەڵاتێکی سیاسیی ناوخۆیی یان دەرەکیی بوەستێتەوە، یاخود بە باڵای ئەو دەستەڵاتە سیاسییەدا هەڵبدات.

٢- هیچ قۆناغێکمان نییە، لە ئەدەبی کوردییدا، هەر لە ئەدەبی کۆنەوە، تاوەکو ئەدەبی فۆلکلۆری و کلاسیک و قۆناغەکانی دواتریش، کە بابەتی سیاسیی، تێکەڵ بە ئەدەب نەبووبێت، هێندە هەیە، کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و بە پێی سەردەم و پێویستی سەردەمەکە، لە قۆناغێکدا کەمبووە و لە سەردەم قۆناغێکی دیکەدا، لە دوای دروستبوونی چەمکی دەوڵەت و سەربەخۆییەوە، گەیشتووەتە لوتکە.

٣- لە دوای رۆژنامەنووسیی کوردییەوە، ژانری پەخشانی سیاسیی، هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و پێش رۆژنامەنووسیی کوردیی، نامە و وتار و پەخشانی سیاسیی، بە زمانی کوردیی بەدیناکرێت. جیاواز لە نەتەوەکانی دراوسێ، کە ئەم ژانرەی ئەدەب، مێژوویەکی کۆن و بەرفراوانی هەیە.

٤- ئەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان ئەدەبی سیاسیی کوردیی و ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ پێکدەهێنێت، چەمکی شانازیکردنی نەتەوایەتییە و رەنگدانەوەیەتی لە ئەدەبی هەموو ئەو نەتەوانەدا.

٥- دەمارگیریی، بەهەموو جۆرەکانییەوە، ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، بەشێکی دیاری ئەدەبی سیاسیی نەتەوەکانی دراوسێ پێکدەهێنێت، کە ئەمە لە ئەدەبی سیاسیی کوردییدا، زۆر کەمە، یان هەر بوونی نییە.

## سەرچاوەکان

### ١- بە زمانی کوردی:

#### أ- کتێب:

١- ئاگرین، عەبدوڵلا: (١٩٩٦)، شیعری سیاسی کوردی لە باشووری کوردستان – لە یەکەم جەنگی گێتییەوە تا راپەڕینی شەشی ئەیلوولی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی ١٩١٨- ١٩٣٠، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە.

٢- پیرەمێرد: (١٩٨٣)، دوانزە سوارەی مەریوان، داستانێکی مێژوویی کوردە، چاپی سێیەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.

٣- تاقانە، ئەحمەد: (٢٠٠١)، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤- طاهر، ئامر: (٢٠٠٦)، نیما یوشیج و عەبدوڵلا گۆران نوێکردنەوە و دابڕان، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا حەجی هاشم، هەولێر.

٥- حاجی موشیر، شەوکەت: (٢٠٠٩)، چەپکێک لە گوڵزاری پەندی کوردی، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٦- خاڵ، شێخ محەمەد: (٢٠٢١)، پەندی پێشینان، چاپی یەکەم، ناوەندی هزری و رۆشنبیری خاڵ، سلێمانی.

٧- رەسوڵ، عیزەدین مستەفا: (١٩٨٦)، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا.

٨- صاڵح، ئاراس محەمەد: (٢٠١٩)، سلێمانی لە شیعری ساعیرانی سەدەی نۆزدەدا، چاپی دووەم، ناوەندی رۆشنبیری سارا، سلێمانی.

٩- صاڵح، سدیق: (٢٠١٥)، دیوانی سالم، عەبدولرەحمان بەگی ساحێب قران، بەرگی یەک، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس، فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٠- فواد، کەمال: (٢٠٠٥)، کوردستان، یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨- ١٩٠٢ ، چاپی دووەم، قاهیرە.

١١- مەزهەر، کەمال: (١٩٧٨)، "تێگەیشتنی راستی" و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٢- موکریانی، هێمن: (٢٠١١)، توحفەی موزەفەریە بە زمانی کوردی، ئۆسکارمان، چاپی سێیەم، دەزگای جاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٣- میران، سەردار حەمید: (١٣٩٠)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنندج.

١٤- میسری، محەمەد دلێر ئەمین محەمەد: (٢٠٠٤)، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، سلێمانی.

١٥- مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم: (١٣٨٩)، دیوانی نالی، چاپی حەوتەم، انتشارات کردستان، سنندج.

١٦- مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم: (١٣٩١)، دیوانی مەحوی، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئانا، مەهاباد.

١٧- وردی، محمد توفیق: (١٩٦١)، فۆلکلۆری کوردی بە سێ شێوە، سۆرانی، بادینی، فەیلی، بەشی یەکەم، بەشی سۆرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار التضامن، بەغدا.

**ب- نامەی زانکۆیی:**

١٨- مەجید، سەردار فایەق: (٢٠١٩)، بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا بە نموونەی شاعیران "ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف"، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**پ- گۆڤار:**

١٩- عەلی، دڵشاد: (٢٠٠٤)، نالی لە بازنەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خوارووردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٤)، لاپەڕە (٣٩- ٦٢).

**ت- ڕۆژنامە:**

٢٠- ڕۆژنامەی پێشکەوتن: (١٩٢٠)، ژمارە (١٠)، ساڵی یەکەم، سلێمانی.

**٢- بەزمای عەرەبی:**

**أ- الكتاب:**

٢١- ابن الأثير، عزالدين: (١٩٩٧)، الكامل في التأريخ، الطبعة الأولى، جلد ٦، دار الكتب العربي، بيروت- لبنان.

٢٢- ابراهيم، عبدالله: (٢٠٠٢)، النثر العربي القديم، الطبعة العربية الأولى، مطابع القطر الوطنية، الدوحة، القطر.

٢٣- آل ياسين، محمد حسن: (١٩٦٤)، ديوان أبي الأسود الدؤلي، الطبعة الثانية، مطبعة المعارف، بغداد.

٢٤- الكاتب، علاء حسين: (٢٠٠١)، مراحل الأدب العربي، دراسة التاريخية، الطبعة الأولى، المطبعة الأمين، ايران.

٢٥- الحمداني، قحطان احمد: (٢٠١٢)، المدخل الى العلوم السياسية، الطبعة الأولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان- الأردن.

٢٦- المفتوحة، جامعة القدس: (٢٠٠٧)، فنون النثر العربي القديم، بلا اسم المطبعة.

٢٧- الدهان، سامي: (١٩٤٤)، ديوان أبي فراس الحمداني، جزء الاول، المطبعة الكاثوليلية، بيروت- لبنان.

٢٨- المتنبي: (١٩٨٣)، ديوان المتنبي، دار البيروت للطباعة و النشر، بيروت- لبنان.

٢٩- بهاء الدين، وحيد الدين: (١٩٦٥)، أعلام من الأدب التركي، الطبعة الأولى، مطبع دار الزمان، بغداد.

٣٠- جمعة، بديع معمد: (١٩٨٠)، من قضايا الشعر الفارسى الحديث في نصف الأول من قرن العشرين، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت- لبنان.

٣١- عبدالعال، بديعة معمد: (٢٠٠٧)، الأدب التركي العثماني، الطبعة الأولى، دار الثقافة للنشر، القاهرة.

٣٢- معمد، سراج الدين: (٢٠١٥)، الفخر في الشعر العربي، دار الراتب الجامعية، بيروت- لبنان.

٣٣- مطر، احمد: (٢٠١١)، مجموعة الشعرية، الطبعة الأولى، دار العروبة، بيروت- لبنان.

٣٤- ناصر الدين، مهدي محمد: (١٩٩٤)، ديوان الأخطل، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان.

**ب- المجلات:**

٣٥- الحلي، عبود جودى: (٢٠١٤)، الأتجاه السياسى في شعر على الفتال، مجلة أهل البيت، جامعة أهل البيت، بوابة البحوث، عدد (سادس عشر)، صحفة (٤٢٣- ٤٥١)، جمهورية العراق.

٣٦- المؤمني، رؤي حيدر: (٢٠١٩)، مفهوم الأدب السياسي في ضوء العلاقات المتبادلة بين الأدب و السياسة، مجلة الدراسات العلوم الأنسانية و الجتماعية، عمادة البحب العلمي، الجامعة الأردنية، العدد (٢)، صعفة (٣٦١- ٣٧٨)، الأردن.

**٣- به زمانى فارسى:**

٣٧- پژوه، منوچهر دانش: (١٣٧٤)، ديوان رودكى، چاپ أول، چاپ حيدرى، انتشارات توس، تهران.

٣٨- دستگردى، وحيد: (١٣٣٣)، بابا طاهر عريان، مؤسسة مطبوعات أمير كبير، مطبعة بانك ملى ايران، تهران.

٣٩- هيرى، ناصر: (١٣٦٣)، ديوان حكيم قاآنى شيرازى، چاپ أول، انتشارات گلشائى، ايران.